بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵلا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵلا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Mon, 20. Mar. 2017 No: (5235)

ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر
کارگێڕی: 07504514857 دهۆک: 07504688380 - 07504456553 کەرکووک: 07702196361 سلێمانی: 07501124578 زاخۆ: 07504503475 سۆران: 07504744231

### لەماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا فیستیڤاڵی ئادار و نەورۆز بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو و ئەمڕۆ بە داگیرساندنی مەشخەڵی نەورۆز کۆتایی پێدێت

# ئەمڕۆ پایتەخت مەشخەڵی نەورۆز لە باوەش دەگرێت

## تاهیر عەبدوڵلا بۆ «خەبات»: بەو توانایانەی هەمانە، ویستمان خەڵکی هەولێر لە ئاهەنگگێڕان بە بۆنەی ئازاد کردنی شارەکەیان و نەورۆز بێبەش نەکەین


فیستیڤاڵی یادەکانی ئادارو نەورۆز (ئەرشیف)






**خەبات: محەمەد زەنگەنە**

چاوەڕوان دەکرێت ئەمڕۆ لە دوایین ڕۆژی فیستیڤاڵی هەولێر بۆ یادەکانی ئادار و نەورۆز و بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر، پایتەختی کوردستان ئاهەنگی داگیرساندنی مەشخەڵی نەورۆز لەباوەش بگرێت و ئەم ڕێوڕەسمەش لە پارکی شانەدەر بەڕێوە دەچێت لە پایتەخت.

لەمیانەی ڕۆژانی ڕابردووش لەمیانەی ئەو چالاکیانەی لە چوارچێوەی فستیڤاڵەکە ئەنجام دران، چەندین چالاکی هونەری و وەرزشی بەڕێوەچوون دوای دوو ساڵ دابڕان بەهۆی بارودۆخی کوردستان و ئەو شەڕەی بەسەر هەرێمی کوردستان دا سەپێندرا لە دژی تیرۆریستانی داعش.

تاهیر عەبدوڵلا جێگری پارێزگاری هەولێر و سەرۆکی لیژنەی ئامادەکاری نۆیەمین فستیڤاڵی هەولێر بۆ یادەکانی ئادار و نەورۆز بە خەباتی ڕاگەیاند، بە هاوکاری برایان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر و سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان ئەم ساڵ ئەم فستیڤاڵە ڕێکخرا و پارێزگای هەولێر پاڵپشتیەکی تەواوی لەم چالاکیانە کرد، هاوکات جێگری پارێزگار سوپاسی کۆمپانیای بابیلۆن کرد بۆ سپۆنسەری فستیڤاڵ کە خواستێکی جەماوەری زۆر لەسەر بوو.

هاوکات ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد لە میانەی ئەو چەند ڕۆژەی ڕابردوودا لە ڕووی ڕێکخستن و پاراستنی ئەمنیەتی شار و بەشداربووانی فستیڤاڵ چەندین ڕێ و شوێنی ئەمنی گیرانە بەر و هەموو لایەک بە سەرکەوتوویی کارەکانی خۆی ڕاپەڕاند و دووپاتیشیکردەوە پارێزگا ئامادەکاری خۆی بۆ ڕۆژانی جەژنی نەورۆزیش کردووە و هەموو دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش لە ئامادەباشی دا دەبن.

فستیڤاڵی نۆیەم کە ئەم ساڵە بەڕێوە چوو بە کردنەوەی شەقامی هونەر بەیادی ڕاپەڕین دەستی پێکرد هاوکات ئاهەنگێکی هونەری لە پارکی شانەدەر بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە هونەرمەندان بەڕێوەچوو، ئەمە جگە لە ئەنجامدانی پێشبڕکێی ماراسۆن بۆ **100**کچ لە ژێر دروشمی سوپاس بۆ پێشمەرگە کە تیایدا جگە لە براوەکانی پێشبڕکێ دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش کە خەبات لە نێویان دا بوو خەڵات کران. هاوکات لە ساڵیادی لەدایکبوونی بارزانی نەمردا بە ئامادەبوونی پارێزگاری هەولێر و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا و سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان و ژمارەیەکی بەرچاو لە بەرپرسان و جەماوەرێکی یەکجار زۆری پایتەخت، هەڵمەتێکی فراوانی دارچاندن بەڕێوەچوو. ئەمە جگە لە کردنەوەی چەندین پیشانگای شێوەکاری هونەرمەندانی هەولێر و هەر چوار پارچەی کوردستان و نمایشکردنی شانۆی سەرشەقام بەبۆنەی ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجەوە هاوکات چەندین نمایشی شانۆیی منداڵان بەڕێوەچوو ئەمە جگە لە پەردەلادان لەسەر پەیکەری ئەژدیها کە لەلایەن هونەرمەند خەسرەو جافەوە دروست کرابوو.

جێگری پارێزگار ئاماژەی بۆ ئەوە کرد ئامانجی سەرەکی ئەم فستیڤاڵەش لەوەدا بوو ژمارەیەکی باشی گەشتیار بۆ هەولێر رابکێشرێن بۆ هەبوونی جووڵەیەکی ئابووری ئەمە جگە لە خزمەتکردنی هونەرمەندانی هەولێر کە گلەیی زۆر لەوە دەکرا لە شارەکانی دیکی هەرێمی کوردستان فستیڤاڵی گەورە ئەنجام دەدرا بەڵام لە هەولێر وەکو پێویست نەبوو بۆیە پارێزگا بە هاوکاری لایەنی پەیوەندیدار بۆ پاڵپشتیکردنی هونەر لە هەولێر ئەو فستیڤاڵەی ئەنجام دا.

## یەک هەناسە



**ئیسماعیل بەرزنجی**

**هەموو دووشەممەیەک دەینووسێت**

بەراستی مایەی شەرمەزاری و ئەو پەڕی نەنگییە، کلۆڵی ئاستی وریایی و ڕۆشنبیرییە کە هەندێک ڕۆژنامە و کەناڵی تەلەفزیۆن، خۆڵ بکەنە چاوی ئەم خەڵکە قوڕبەسەرە و ناو بە ناو زەلامێکی بە ناو (مەلا) بدوێنن و زراوی ژنان و منداڵان و هەرزەکاران ببەن، دراوسێیەکم بۆی گێڕامەوە (ئەو شەوە لە ماڵ نەبووم، منداڵەکان سەیری دیدارێکیان کردبوو کە لەگەڵ....... سازدرابوو، ئەوەندە کلینکسی خواردبوو و باسی جنۆکەی کردبوو، تا کیژە تەمەن هەشت ساڵییەکەیان واقی وڕمابوو و لەو ڕۆژەوە ناوێرێت بە تەنیا لە ماڵەوە بێت یان ڕوو لە ژوورێک بکات.

ئەو شتە قۆڕ و بێمانایە چییە کە پیشانی خەڵکی دەدەن، بابەت نیە دایەلۆگی لەسەر بکرێت؟ ئێمە خودانی سەدان مەلا و زانای گەورەین، دەتوانین لە زۆر بابەتی هەنوکەیی بدوێین و قسەکانیان کاریگەرییان زۆر دەبێت، کەچی زەلامێکی بە ناو(مەلا) دێنن و باسی خوزعەبەلاتمان بۆ دەکات.

ئەو زەلامە ئەگەر هەڵگری نازناوی(مەلا) نەبێت. بۆ خۆی ئازاد دەبێ کلینکسی قووت بدات و یان ئەمر بە جنۆکە بدات جولە بکەن، بەڵام بێت بە ناوی ئایینەوە ئەو قسە و جولانە بکات، کارەساتەکە لێرەدایە، چەندان کەسمان بینیوە کە شوشە دەخۆن و سووژن لە ڕومەتیان ڕادەکەن، بەڵام بە خۆیان ناڵێن مەلاو زانای ئایینی.

نازانم یەکێتیی زانایان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بۆ وا لە ئاست ئەم دیاردە قێزەونە بێدەنگن، ژن و منداڵ و هەرزەکاری کۆمەڵگەی ئێمە، بە دەست دەیان کێشە و گیروگرفتەوە دەناڵێن و ئینجا ئەو قەشمەریاتەش ببینن.

تۆ و ویژدانی هەموو خاوەن ویژدانێک، ئەمڕۆ ڕۆژی ئەوەیە زەلامێکی بە ناو( مەلا) بێتە سەر تەلەفزیۆن و کلینکس بخوات و بلێت بۆ( ڕەشاقە) باشە.

## چاپکراوی نوێ




## ئاونگی عیشقێکی تینوو

**خەبات/ حەمە ئەحمەدجاف:**

(ئاونگی عیشقێکی تینوو) ناونیشانی دیوانێکی شیعریی برای شاعیر ( مەحموود قەرەداغی) یە کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان مۆڵەتی ژمارە (1038) ی ساڵی 2017ی دراوەتێ و لە چاپخانەی تاران چاپکراوە و لەو ڕۆژانەدا کەوتە بەردیدەی مەست و خوماری خوێنەرانی ئازیز و کتێبخانەی کوردیمانی رازاندەوە .شایانی باسە ئەو دیوانە شیعریەی شاعیرلە (445) لاپەڕە پێکهاتووەو و لەسەر ئەرکی شاعیر خۆی چاپ و بڵاوکراوەتەوە و سەرجەم شیعرەکانیش لە نێوان ساڵانی (2007-2017) نووسراون .



## نێرگزی بەهار

فۆتۆ: ناسح عەلی خەیات